# تەفسیری ئایەتی (٦) لە سورەتی التحریم

[ کردي – کوردی – kurdish ]


عەبدولسەلام پشدەری



**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٢ - ٢٠١١



IslamHouse.com

# ﴿ تفسير الآية ( ٦ ) من سورة التحريم ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# تەفسیری ئایەتی (٦) لە سورەتی التحریم

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) {التحريم : ٦ }

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە ئاڕاستەکردنی خیطابێك بۆ بڕواداران دەستی پێکردووە ئەویش بە ووشەی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زانایانی تەفسیر دەڵێن : هەرکاتێك مرۆڤی باوەڕدار گوێ بیستی ئەم خیطابە بوو ، ئەبێت بزانێت کە پەروەردگار بانگی ئەو دەکات و داوای جێ بەجێکردنی فەرمانێکی لێ ئەکات یان قەدەغەی ئەکات لەکردنی کارێك، جا لەگەڵ گوێ بیستی ئەم داوایە وتێگەیشتن لەناوەڕۆکەکەی مرۆڤ هیچ بیانوویەکی نامێنێت لای خوای گەورە لەجێ بەجێ نەکردنی مەگەر عوزرێکی شەرعی ڕێگا پێدراوی هەبێت .

پاش ئەمە پەروەردگار مەبەستەکەی ڕوون ئەکاتەوە لەو بانگ وئاگادارکردنەوەیە ودەفەرموێت : ( قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا ) خۆتان وماڵو منداڵتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، ئاشکرایە خۆ پاراستنیش لەو سزا سەختە بەوە دەبێت کە مرۆڤی باوەڕدار ئەوەی خوای گەورە وپێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمانیان پێکردوە جێ بەجێ بکات وئەوەشی قەدەغەیان کردوە خۆیانی لێ بەدوور بگرێت بە پێی توانا وطاقەتی خۆی چونکە پەروەردگار فەرموویەتی :( لا يكلفُ اللهُ نَفْساً إلّا وُسعَهَا ) واتە : خوای گەورە داوای شتێك ناكات کە مرۆڤ لە توانایدا نەبێت.

خۆپاراستن لە ئاگر لەسەروو هەموویەوە بەوە دەبێت کە مرۆڤ باوەڕ وعەقیدەیەکی صەحیح وراست ودروستی هەبێت دوور بێت لەهەموو خەوش و خاڵێکی شیرك وبت پەرستی وهاوەڵ بڕیاردان بۆخوا، پاشان ئەداکردنی نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا وگرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و دەرکردنی زەکاتی ماڵ وسامانی وئەگەر توانا و دەسەڵاتیشی هەبوو لە تەمەنیدا جارێك حەجی ماڵی خودا بکات، ئەمانە ئەو هۆکارانە بوون بەشێوەیەکی سەرەکی کە دەبنە هۆی پاراستنی خاوەنەکانیان لە ئاگری دۆزەخ

ئەگەر هاتوو مەبەستی لەجێ بەجێکردنیان ڕەزامەندی خوای گەورە بێت بەتاك وتەنهایی، چونکە ئاشکرایە خوای گەورە مرۆڤ وجنۆکەی تەنها بۆ پەرستنی خۆی دروستکردووە، وەك فەرموویەتی : (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) {الذاريات :٥٦} واتە : من ئادەمیزاد و جنۆکەم بۆهیچ مەبەستێك دروست نەکردووە بۆ بەندایەتی خۆم نەبێت.

بەندایەتی خوداش وەك شێخ الاسلام ابن تيمية دەڵێت: " العبادة اسم جامع لكلّ ما يُحبّه الله ويرضاه من الأقوال والأعمال الباطنة والظاهرة " واتە : عیبادەت ناوێکی گشتگیرە بۆ هەر شتێك خوای گەورە پێی خۆش بێت ولێی ڕازی بێت لە ووتە و کرداری شاراوە و ئاشکرا .

ئەوەش لەبیر نەکەین هەموو کار و عورف عادەتێك نیەتی پاك وراست ودروست ئەیکات بە عیبادەت و خاوەنەکەی لای خوای گەورە پاداشتی خێری دەست دەکەوێت .

کە مرۆڤ دوای ئەوەی خۆی پاراست لە سزای دۆزەخ دەبێت هەنگاوی دووەمی پاراستنی ماڵ ومنداڵەکەی بێت چونکە فەرمانەکەی پەروەردگار پاش فەرمان کردن بەخۆی فەرمانی پاراستنی ماڵ ومنداڵەکەشی خستۆتە ئەستۆی ئەو، ئەمەش بەوە دەبێت بەهەمان شێوە هەوڵ بدات ماڵ ومنداڵەکەیشی لەسەر پەروەردەیەکی ئیسلامی ڕاست ودروست پەروەردە بکات چونکە ئەو لێپرسراوە لێیان وەك پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : " كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته، فالإمام راع ومسئول عن رعيته، والرجل راع في أهل بيته ومسئول عن رعتيه، والمرأة راعية في بيت زوجها ومسئولة عن رعيتها....... " { البخاري (٨٥٣، ٢٤١٦) مسلم (١٨٢٩)، أبو داود (٢٩٢٨)، الترمذي (١٧٠٥)، أحمد (٥/٢، ٥٤ } واتە : هەمووتان شوان ولێپرسراون وهەمووشتان لێپسراون بەرامبەر ڕەعیەت وژێردەستەکانتان، ئیمام وکاربەدەستان لێپسراون ولێپسراویشن بەرامبەر ڕەعیەتەکانیان، پیاو شوان وبەرپرسی ماڵ ومنداڵەکەیەتی، لێپسراویشە بەرامبەریان، هەروەها ئافرەتیش بەرپرسە لەناو ماڵی مێردەکەیدا ولێپرسراویشە لە ڕەعیەت وژێردەستەکانی ....

بەم پێیە دایکان وباوکان نابێت کەمتەرخەم بن لە پەروەردەکردنی منالەکانیان بەو شێوەیە پەروەردەیان بکەن کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوای کردووە، ئەگەر سەیر بکەین ئیسلام هەر لەسەرەتای هاتنە دونیای منداڵەوە فەرمانی پێکردووین کە بانگ بدەین بەگوێ ڕاستیاندا و قامەتیش بکەین بە گوێی چەپیاندا، لەدوایشدا ناوێکی جوانیان بۆ هەڵبژێرین کە لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتدا بگونجێت، ناوێك نەبێت کە قەدەغەی لێکرابێت وەك ( عبدالشمس و عبد الدار و عبدالرسول .... ) یان ناوێك بێت کە مانایەکی شوم

وخراپی هەبێت وەك (الصعب ) واتە گران و ناخۆش، چونکە هاوەڵێك لەهاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەم ناوەی هەبوو پێغەمبەر ناوەکەی گۆڕی بۆ ( سهل) واتە ئاسان، پاش ئەوەیشی منداڵ کە گەشتە تەمەنی حەوت ساڵی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) لەبارەیانەوە فەرموویەتی : " مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع واضربوهم عليها وهم أبناء عشر، وفرقوا بينهم في المضاجع " { رواه أبو داود بإسناد حسن } واتە : فەرمان بکەن بە منداڵەکانتان بە نوێژکردن کاتێك کە تەمەنیان گەشتە حەوت ساڵی، خۆ ئەگەر لەتەمەنی دە ساڵیدا کەمتەرخەمییان کرد لە کردنیدا ئەوە لێیان بدەن ( لێدانێك کە ئەو منداله تێ بگات کە نوێژکردن گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە ئیسلامدا ونابێت ئەنجامی نەدات، نەك مەبەست پێ سزادان ودارکاری توند وتیژ بێت ) هەروەها لەتەمەنی دە ساڵیشدا جێگای منداڵەکانتان لەیەك جودا بکەنەوە.

چونکە نوێژ لە ئیسلامدا گرنیەکی ئێجگار گەورەی هەیە، نوێژ ئەگەر خاوەنەکەی بەڕاست ودروست ئەنجامی بدات، ئەوا دەیگرێتەوە لەهەموو تاوان و خراپە وخراپەکارییەك، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (... وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ .. ) { العنكبوت:٤٥} واتە : بەبەردەوامی و ڕێك و پێك نوێژ ئەنجام بدە، بەڕاستی نوێژی "تێروتەسەل" بەرهەڵستی مرۆڤ لەکاری خراپ و ناپەسەند و گوناهو تاوان دەکات ..

بۆیە باوکان و دایکانی خۆشەویست نابێت بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی بکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا لە نەکردنی نوێژەکانیان، چونکە ئەگەر لەم تەمەنەدا ڕاهێنران لەسەر نوێژکردن و خۆشەویستی ئیمان وباوەرەکەیان ئەو کاتە کردنیان ئاسانتر ئەبێت لەتەمەنی باڵغ بوونیاندا، کوردیش لەکۆنەوە ووتویەتی : دار ئەگەر بە تەڕی نەچەمێنریت کە ووشك بوو بەناڕەحەت دەچەمێنرێت .

دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی وەستاوەتە سەر پەروەردەری خێزان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست، کە هیچ جۆرە ئاینزا وفکرێکی نامۆ ناتوانێت کاریگەری خراپی جی بهێلێت لەسەر تاکەکانی، ئەگەر هەموو خێزانێك لەلای خۆیەوە هەست بەو لێپرساویەتیە گرنگە بکات کەلەسەر شانیەتی.

باوکان دەبێت ئاگاداری منداڵەکانیان بن کە هاورێیەتی کێ دەکەن و لەگەڵ کام هاوەڵیاندا زۆر هۆگرن چونکە هێندەی قسەو هەڵسوکەوتی هاورێ کارگەری هەیە لەسەر هاورێکەی هێندە قسەو ئامۆژگاری باوك ودایکی کاریگەر نیە، جا ئەگەر هاورێ باش بوو ئەوە بێگومان کاریگەری باش دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵەکەی تۆ، بۆیە هەمیشە هەوڵبدە هاورێ باش بۆ منداڵەکانتان پەیدا بکەن... پێغەمبەریش (صلی

الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : " المرء على دين خليله ، فلينظر أحدكم من يخالل" { أخرجه أحمد في " المسند " ( ٨ / ٣٠٧ / ٨٣٩٨ ) } واتە : هەموو کەسێك لەسەر دین وئاینی هاوەڵەکەیەتی، جا با هەر کەسێك چاك سەیر بکات کە کێ دەکات بەهاوەڵ وهاورێی خۆی .

جا با بزانین ئەو ئاگرە چۆنە کە خوای گەورە ئێمەی موسڵمانی لێ ئاگادرکردوەتەوە کە خۆمان وماڵو منداڵمانی لێ بپارێزن، (وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ) ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی مرۆڤی تاوانبار وخراپەکار و بەردە، مەبەست ئەوەیە کە زۆر بڵێسەدارو بەگڕو گەرمە، وەك ئاگری ئەم دونیا نیە کە تەنها بەدارو بە چیلکە هەڵگیرسێ، بەڵکو ئەو بە بەرد زیاتر گڕدەگرێ و بڵێسە ئەسێنێ .

نەك هەر هێندە بەڵکو گڕ و تینی ئەو ئاگرەی کە لەدونیادا بەکاری دەهێنین بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، وەك پێشەوامان محمد المصطفی فەرموویەتی : " نار بني آدم التي توقدونها جزء من سبعين جزءاً من نار جهنم " { أخرجه البخاری ومسلم فی صحیحهما} خوای گەورەیش فەرموویەتی : ( قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدّ حَرّاً لّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ) {التوبة :٨١} واتە : ئەی موحەمەد بڵێ : ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە لەگەرمای دونیا ئەگەر ئەوان تێ دەگەن .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو پەروەردگار سیفەتی دەرگاوان وئەو فریشاتەنەی بەسەریەوەن باس کردوە بۆمان کە سیفەتیان ئاوایە (عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) کۆمەڵە فریشتەیەکی زبرو توندو تیژ بەسەریەوەن، هەر چەندە داوای بەزەییان لێبکرێت کەڵکی نیە، نافەرمانی خوا ناکەن لە هەرشتێك فرمانیان پێبکات، وهەر فرمانێکیشیان پێ بسپێرێ، بە خێرایی ئەنجامی دەدەن .

ئەي خواي گەورە بە ڕەحم وبەزەیی خۆت بمانپارێزیت لەسزای سەختی ئەو ئاگرە و لاشە ورووەمان نەسوتێنیت پێی چونکە هەر تۆ لەهەمووان بەڕحمتریت .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته